# حوکمی بریتی وەرگرتن لەبەرامبەر شاهیدی داندا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

صاڵح ئەلفۆزان

وەرگێڕانی:دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم أخذ الأجرة على أداء الشهادة ﴾

« باللغة الكردية »

صالح بن فوزان الفوزان

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## حوکمی بریتی وەرگرتن لەبەرامبەر شاهیدی داندا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ صالح الفوزان کرا ئەمەش دەقی پرسیارەکەیە:

**پرسیار :** ئایا حوکمی ئەو کارە چیە کەسێك پارەیەك بدات بە کەسێك لەبەر خاتری ئەوەی شاهیدیەکی بۆ داوە؟ یان یارمەتی دابێت لە قەضیەیەکی دروست لە دادگا؟ بۆ زانینیش ئەو کەسەی شاهیدیەکەی داوە یان یارمەتی ئەو کەسەی داوە هیچ مەرجێکی پێشوەختی لەسەر دانەناوە .

**وەڵام :** بە نسبەت شاهیدی دانەوە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە بریتی وەرگرتن لە بەرامبەریدا، لەبەر ئەوەی شاهیدی دان واجبە لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە لەسەر ئەو کەسەی کە شتێکی لایە لەپێناو ئاشکراکردن ودەرخستنی هەق وڕاستی و نەهێشتن و ڕێگری کردن لە زوڵم وستەم، خوای گەورەش لەم باریەوە فەرموویەتی : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ ) {النساء :١٣٥} واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە ڕاگری دادوەری بن و شایەتیی بۆ خوا بدەن ( واتە لەپێناو خوای گەورەدا ئەو شاهیدیە بدەن ومەیشارنەوە )، هەروەها فەرموویەتی : (وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ) {الطلاق :٣٨٢} واتە : لەبەر خوا ئەو شاهیدیە بدەن (نەك لەبەر تەماح ومالّی دونیا) .

لەبارەی شاردنەوەی شاهیدی هەقیشەوە خوای گەورە فەرموویەتی : (وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ) {البقرة :٢٨٣} واتە : شاهیدی مەشارنەوە ، وە ئەو کەسەی بیشارێتەوە ئەوە بەڕاستی بە دڵ گوناهبارە وە خوا ئاگادارە بە هەموو کردەوەیەکتان.

جا ئەو کەسەی شاهیدیەکی بەهەقی لایە واجبە شاهیدی لەسەر بدات ئەگەر هاتوو پێویستی وحاجەت هەبوو بۆی وداوای لێکرابوو کە ئەو شاهیدیە بدات، ئەمەش بەبێ هیچ بەرامبەر و بریتی یەك، چونکە ئەنجامدانی وەها کارێك عیبادەت و پەرستە بۆخوای گەورە، ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی بەجێهێنانی فەرمانی خوای گەورەیە، فەرمانبەداری فەرمانەکانی پەروەردگاریش عیبادەتە، ئەو بەڵگانەیش کە هاتوون

هەموویان بە شێوەی فەرمان هاتووە لەم بارەیەوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : (وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ) {الطلاق :٣٨٣} یان فەرموویەتی : (كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ ) {النساء :١٣٥} .

بەڵام بەنسبەت ئەوەی کە کەسێك یارمەتی دابێت لە ناکۆکیەك یان قەضیەیەکی بەردەم دادگا، بەو مانایەی کە لەبریتی تۆ چووبێتە بەردەم دادگا یان ئەو کارەی لەئەستۆ گرتبێت، یان وەکیل و جێگری تۆ بێت لەو مەسئەلانەدا ئەوا هیچ ڕێگریەك نییە ئەگەر هاتوو پڕێك پارە یان بریتیەکی بدەیتێ لەبەرامبەر ماندوو بوونیدا، هەروەك ئەوەی ئێستا پارێزەرەکان وەری دەگرن لەو قەضیە وناکۆکیانەی بەردەم دادگا کە لەبری داواکارێك ( المدعي) ئەنجامی دەدەن و لەبری ئەوان ڕووبەرووی بەرامبەرەکانیان دەبنەوە لەداداگا، ودێن ودەڕۆن

ولێکۆڵینەو ئەکەن، جا  لەبەرامبەر ئەم کارەیاندا بڕێك پارە کە پێشتر ڕێکەوتون لەسەری وەریدەگرن، چونکە ئەمان وەکیلی ئەوان بوون لەو قەضیەیانەدا .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە .

سەرچاوە : المنتقى من فتاوى فضيلة الشيخ صالح بن فوزان الفوزان

یەرگی یەکەم / لاپەڕە ٤١٦-٤١٧